بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی كوردستان


رۆژنامەی رەسمیی حكومەتی هەرێمی كوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە( ٢٢ ) سالّی دووەم ٢٠٠١/١١/٨ زاینی ( ١٧ )ی گەلاڕێزان ٢٧٠١ كوردی ( ٢٤ )ی شەعبان ١٤٢٢ی كۆچی


## لەم ژمارەیەدا :


● یاسای ژمارە (١٥)ی سالّی ٢٠٠١ ل١

یاسای رێكخراوە كوردستانییە غەیرە حكومییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق

● بڕیاری ژمارە (١١)ی سالّی ٢٠٠١ ل٩

درێژكردنەوەی كارپێكردن بە بڕیاری ژمارە (١٧)ی سالّی ١٩٩٩ بۆ ماوەی دوو ساڵ



ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

www.mojkurdistan.com



e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان : هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

بەدالە ( ٢٢٣٠٣٥١ : ٢٢٣٠٣٥٢ : ٢٢٣٠٣٥٣ : ٢٢٢٠٥١٢ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد (٢٢) السـنة الثانيـة ٨/١١/ ٢٠٠١م (١٧) گەلاڕێـزان ٢٧٠١ ك (٢٥) شـعبان ١٤٢٢ هـ

## في هـذا العـدد


• قانـون رقـم (١٥) لسنة ٢٠٠١ ص٨

قـانـون المنظمات الكوردستانية غير الحكوميـة
فـي أقليـم كـوردسـتان العــراق

• قــرار رقـم (١١) لسنة ٢٠٠١ ص١٤

تمديـد العمل بالقرار المرقـم (١٧) لسـنة ١٩٩٩ لمـدة سنتين


ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان

www.mojkurdistan.com

e.mail: waqaea@yahoo.com

سعر النسخة ( ٥ ) دنانير

البـدالــة ( ٢٢٣٠٣٥١ ؛ ٢٢٣٠٣٥٢ ؛ ٢٢٣٠٣٥٣ ؛ ٢٢٢٠٥١٢ )

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٥**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١٠/٢٤**

پشت بە حوكمەكانی برگە(١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی رۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٣یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەلاّتەش كە برگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠١
## یاسای رێكخراوە كوردستانییە غەیرە حكومییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناكانی بەرامبەریانە:

هەرێم : هەرێمی كوردستانی عێراق.

وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆ.

وەزیر : وەزیری ناوخۆ.

رێكخراو : هەر رێكخراوێكی كوردستانیی غەیرە حكومییە كە بەرژەوەندی گشتیی بە هاناچوون و ئاوەدانكردنەوەو بزاڤی مرۆڤایەتیی لەخۆگرتبێ.

## بەشی یەكەم
## دامەزراندن

**ماددەی دووەم :**

١. رێكخراو دەستەیەكی سەربەخۆی غەیرە حكومییە ، لە چەند كەسانێكی تەبیعی پێك هاتووەو بۆ وەدیهانینی ئامانجەكانی خۆی لە بواری بەهاناچوون و ئاوەدانكردنەوەو بزاڤی مرۆڤایەتیی لە هەرێمدا دادەمەزرێ.

٢. ئەم رێكخراوە خاوەن شەخسییەتی مەعنەویی خۆیەتی و بۆی هەیە لە پێناوی وەدیهانینی ئەو ئامانجانەی دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتووە مۆڵكایەتیی موڵك و ماڵی دەسهەڵنەگرو دەسهەڵگر (الأموال المنقولة و غير المنقولة)ی ببێ.

٣. ئەم رێكخراوە دەشێ ، دوای وەرگرتنی رەزامەندیی وەزیر ، چالاكیی مرۆڤایەتی خۆی لە دەرەوەی هەرێمیشدا پیادە بكات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٤. ئەم ڕێکخراوە بۆ وەدیهانینی ئامانجەکانی خۆی نـەبێ هـەوڵی وەدەسـت هـانینی هـیچ سـوودو قازانجێکی ماددی نادات.

**ماددەی سـێیەم :**

ئەو کەسەی کە لە بەردەم دادگاکان و لایەنە ڕەسمیو نارەسمییەکاندا دەبێ بە نوێنـەری ڕێکخراوەکـە تەنیا سەرۆکی ڕێکخراوەکە خۆیەتی یان ئەو کەسەیە کە سەرۆکەکە ئەو نوێنەرایەتییەی پێ دەسپێرێ.

**ماددەی چـوارەم :**

بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکە مەرجە ئەم شەرتوشرووتانە هەبن:

١. ئەنـدامانی دامەزرێنـەری ڕێکخراوەکـە نـابێ لـە پێـنج ئەنـدام کـەمتر بـن. ئەمانـە داواکارییـەك پێشکەش بە وەزیـری نـاوخۆ دەکـەن و هـەموویان ئیمـزای دەکـەن . دەبـێ ئەهلییـەتی یاسـاییان هەبێو هاوپێچ لە گەڵ داواکەدا پێڕۆی ناوخۆی لە گەڵـدابێ کـە ئـەم بەیاناتـەی خوارەوەشـی تێـدا بێ:

أ. ناوی ڕێکخراوەکە و مەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە بە مەرجێ مەرکەزی ئیدارەکەی لـەناو هەرێمدا بێت.

ب. ناو و نازناو و جنسییەت و تەمەن و پیشەو جێگـای دانیـشتن و ئەهلییـەتی زانـستیی یـەك بـە یەکی ئەندامەکان.

ج. داهاتی دارایی و سەرچاوەکانی داهاتی ڕێکخراوەکە.

د. ئەو هەیئەتانەی کە ڕێکخراوەکە دەنوێنن و ئیدارەکەی دەگرنە ئەستۆ ، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئیش و کار و شێوازی بەگەنکردن و کۆتایی هاتنیان.

٢. دەبێ مەبەست لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە ڕوون و ئاشکرا بێت و ڕاگەیەنرابێ و لە گەڵ پێـڕۆی گشتیدا (النظام العـام) پێچەوانە نەبێ.

٣. دەبێ ڕێکخراوەکە بە ڕێگاو شێوازی مەشروع و بەپێی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم مەبەستەکانی خۆی بپێکێ و لە گەڵ پێداویستی پێڕۆی حوکمی فیدراڵیشدا پێچەوانە نەبێ.

٤. نابێ ئامانجی ئەوە بێ کـە تـۆوی دووبـەرەکی و فـەرق و جیـاوازی لـە نێـوان نەتـەوەو ئـایین و مەزەبە جۆر بەجۆرەکاندا بچێنێ.

**ماددەی پێنجـەم :**

١. وەزیر دەبێ لە ماوەی شەسـت ڕۆژدا کـە لـە ڕۆژی لـە وەزارەت تۆمـار کردنـی داواکارییەکـەوە دەست پێ دەکا سەیری داواکارییەکە بکـاو بیبڕێتـەوە . خـۆ ئەگـەر داواکارییەکـە شەرتوشـرووتی یاسایی تەواو بەجێ نەهێنابوو ئەوە لەو بارەدا وەزیر دەبێ هەواڵەی دامەزرێنەرەکانی بکاتـەوە تـا کەم و کورتیەکانی بهێننەوە سەربار ، ئەوجا ماوەی بڕاندنەوەی داواکارییەکە لـە ڕۆژی داواکارییـە تازەکەوە حساب دەکرێ.

٢. ئەگەر هات و وەزیر ، لەبەر هـەر هۆیـەك بـێ ، داواکارییەکـەی ڕەت کـردەوە ئـەوە لـەو بـارەدا ئەندامانی دامەزرێنەر بۆیان هەیە لە دادگای تەمییزی هەرێمدا تەمییزی بکەنەوە لە مـاوەی پـازدە ڕۆژدا ـ کە لە ڕۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکا ـ ئیدی بڕیار بڕیاری دادگاکەیەو دەبردڕێتەوە.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. ئەگەر هات و داواكارييەكە لەو ماوەيەدا كە لە برِگەى (١)دا هاتووە نەبرِێندرايـەوە ، ئـەوە لـەو بارەدا بە قبولَكراو لە قەلَەم دەدرىَ.

**ماددەى شەشـــەم :**

لە پێرِۆى ناوخۆى رێكخراوەكەدا دەبىَ هەموو ئەو حوكمانە ديار بكرێن كە پەيوەندييان بە رێكخـستنى كاروبارى ئيدارى و دارايى و هونەرى و چۆنێتيى دانان و دامەزراندنى كەسـانى سـەر بـە رێكخراوەكـە و قبولَ كردنى ئەندامەكانييەوە هەيە.

**ماددەى حەوتـــەم :**

رێكخراوەكە دەبىَ ئەم سجل و تۆمارانەى خوارەوە رابگرىَ بەمەرجىَ دايەرەى كـاتبى عـەدل تەسـديقى كردبن :

١. سجلى ئەندامان و (ئەوانەى سەربە رێكخراوەكەن).
٢. سجلى برِيارو مەحزەرى دانيشتنەكان.
٣. سجلى پرِۆژەكان.
٤. سجلى حساب و حسابكارى.
٥. سجلى ئەموال و كەلوپەلەكان.

## بەشـى دووەم
## ئامانجـەكان و شـــێوازى كــار

**ماددەى هەشـتەم :**

رێكخراوە بۆ وەديهانينى ئەمانەى خوارەوە تێدەكۆشىَ:

١. بەشداريكردن و هاوكۆمـەكى لـە بـوارى بەهاناچـوون و ئاوەدانكردنـەوەو بزاڤـى مرۆڤايـەتى لـە هەرێم و دەرەوەى هەرێمـدا بـە هەماهـەنگى و هـاودەنگى لـە گـەلَ وەزارەتـى نـاوخۆ و وەزارەتـى يارمەتى مرۆڤايەتى و هاوكارىو وەزارەتە پێوەنديدارەكانى ديكەدا.
٢. هاوكارى لەگەلَ رێكخـراوە بيانييـەكانى نـاو هـەرێم لـە بـوارى بەهاناچـوون و ئاوەدانكردنـەوەو بزاڤى مرۆڤايەتيدا.

**ماددەى نۆيـــەم :**

رێكخراو ئامانجەكانى خۆى لەم رێگايانەى خوارەوە دێنێتە دى :

١. ئەو دهاتە داراييەى كە لەبەر دەستيدا هەيە.
٢. لە موناقصەو موزايەداتى جێبەجىَ كردنى پرِۆژە ئاوەدانكاريەكانى كوردستاندا بەشدار دەبىَو گرێبەستيى دەكات.
٣. پێوەندى لە گەلَ كوردە پەنابەر و غەريب كەوتووەكانى هەندەرانى كوردستاندا دەكاو ، دنەيان دەدا كە سەرمايەكانيان لە پرِۆژە گـەلى بەهاناچـوون و ئاوەدانكردنـەوەو فـراژوو كردنـى (التنميـة) هەرێمدا وەبەربهێنن.

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٤. بانگهێشت بكات و بۆ سازدانی كۆنفرانسی نـاوخۆو نێودەوڵـەتیش بـۆ لێكۆڵینـەوەی مەسـەلەی بەرەو چاكتر بردن و پێشخستنی پرۆژەكان تا ئامانجەكانی ئامانجەكانیان بێتەدی.

٥. بەرژەوەندی گشتی وا دەخوازێ كە هەرێمیش لە گەڵ رێكخراوەكەدا بۆ جێبەجێ كردنی پـرۆژە فراژوكارییەكان لە هەرێمدا هاوپشك بێو بەشداری بكات.

## بەشـــی سـێیەم
## دارایـی رێكخـــراوەكـە

**ماددەی دەیــەم :**

رێكخـراو ، درایـی خـۆی بـە بوجەیـەكی سـاڵانە بـەرێوە دەبـا كـە بـەپێی پێـرۆی حـسابكاریی دایـەرە رەسمییەكان رێكی دەخاو جێبەجێی دەكا . هەموو حساب و حسابكاریەكیـشی دەكەوێتـە ژێـر ركێفـی تەدقیقكردنی ریقابەی دارایی هەرێمەوە.

**ماددەی یــازدە :**

دارایی رێكخراوەكە لەمانەی خوارەوە پێك دێ :

١. ئەو بەش و پشكەی كە ئەندامەكان دەیدەنێ.

٢. ئەو دەسنگەو بەخشش و خەلآت و پیتاك و دارایی و وەقف و وەسیەتەی كە تاكە تاكەی خەڵك و لایەنی دیكە دەیدەنێ.

٣. ئەو داهاتانەی كە رێكخراوەكە بە بزاڤ و چـالاكیی خـۆی و وەبـەرهێنانی دارایـی خـۆی دەسـتی دەكەوێ.

**ماددەی دوازدە :**

رێكخراوەكە بۆی هەیە لە گەڵ رێكخراوە بیانیەكاندا گرێ بەستی بكات یان كۆمەك و پیتـاكی مـاددی و عـەینی لـە هەندەرانـەوە وەربگـرێ ، لـەم بـارەدا پێویـستە وەزارەتـی نـاوخۆو وەزارەتـی یارمـەتی مرۆڤایەتی و هاوكاری ئاگادار بكات .

**ماددەی سـیازدە :**

رێكخراو پێویستە لە كاتی هەموو ساڵێكی دارایی یـان لـە كـاتی زەرورەتـدا ئـەم راپۆرتانـەی خـوارەوە پێشكەش بە لایەنە پێوەندیدارەكان بكات :

١. راپۆرتی دارایی ساڵانە كە هەموو داهات و خەرجی تێدا بێت.

٢. راپۆرتێكی ئاودامانی ساڵانە كـە هـەموو خزمـەت و پـرۆژەی بـە هاناچـوون و ئاوەدانكردنـەوەو بزاڤی مرۆڤایەتی تێدا بێت و ئەو لایەنانەش نیشان بدات كە سوودیان لێی وەرگرتووە.

٣. راپۆرتێك هەموو پلان و بەرنامەی بەهاناچوون و ئاوەدانكاری و فراژوكاریی هـەرێمی تێـدا بێـت كە بۆ ساڵی تازەی دارایی بنیاد دەنرێن .

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چـوارده :**

١. رێكخـراو لـە مزوكرێـی دامەزرانـدن (رسـوم التأسـيس) و مزوكرێـی تەسـدیقكردنی سـجلەكانی سەرفرازە (عەفو دەكرێ).

٢. سەرۆكايەتيى ئەنجومەنى وەزيران يان ئەو كەسەی كە ئەنجومەنى وەزيران دەسەلآتی داوەتـیٚ بۆی هەیە بەپێی بەندو بەست (ضوابط).ڕێكخراوەكـە لـە بـاج و مزوكرێـی گـومرگ عـەفو بكـات تـا ڕێكخراوەكە ئامانجەكانی خۆی بهێنێتەدی.

**ماددەی پــازدە :**

ڕێكخـراو بـۆی هەیـە ، دوای ڕەزامەنـدیی وەزیـر ، ڕێكخراوەكـە هەڵبوەشـێنێتەوە یـان تێكـەڵ بـە ڕێكخراوێكی دیكەی بكات كە ئامانجەكانیان چونیەك بـن و زۆربـەی ئەندامەكانیـشیان ڕازی بـن. ئەگـەر وەزیریش ڕازی نەبیٚ ئەوە ، لەم بارەدا بڕیارەكەی وەزیر ئەوەی لەباردا هەیـە كـە لـە بـەردەم دادگـای تەمییزی هەرێمدا لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا كە لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەكەوە دەست پـیٚ دەكـا تانـەی لیٚ بدریٚ.

**ماددەی شــازدە :**

لەسەر داواكردنی وەزیر یان ئەو كەسەی كە وەزیر دەسەلآتی پیٚ دەدا ، دادگای بیدائـەی ناوچـەی ڕێكخراوەكـە دەشـیٚ بـە بڕیـاریٚ پـاش وەرگرتنـی پلـەی بنـبڕی ڕێكخراوەكـە هەڵبوەشـێنێتەوە لـەم حاڵەتانەی خوارەوەدا :

١. ئەگەر ماوەی ساڵێك بەسەر دامەزراندنی ڕێكخراوەكەدا تێپەڕبووبیٚو ، ڕێكخراوەكـە بـەبیٚ هـیچ هركارێكی لە دەسەلآت بەدەر ، ئیشو كاری خۆی بە پێی دەقی پێڕۆكەی دەست پیٚ نەكردبیٚ.

٢. ئەگەر بزاڤەكانی لەو ئامانجانە لایدابیٚ كە بۆی دامەزراوە.

٣. ئەگەر ئەوەندە لاواز بووبیٚ كە نەتوانیٚ عەهد و پـەیمان و ئیلتیزامـاتی دارایـی و یاسـایی خـۆی بەجیٚ بهێنیٚ.

**ماددەی حەڤــدە :**

ئەگەر ڕێكخراوەكە بە ئارەزووی خۆی ، خۆی هەڵوەشاندەوە ، ئەوە لەو بارەدا هەیئەتەكەی خـۆی پاكتاوكارێك (مصفي) یان پتری بۆ دادەنیٚ ، بەلآم ئەگەر دادگا هەڵی بووەشێنێتەوە ، ئەوە لەم بارەدا دادگای بیدائەی ناوچـەی ڕێكخراوەكـە پاكتاوكـاری بـۆ دادەنـیٚ و دەسـتبەجیٚ دەسـت بەسـەر موڵـك و داراییدا دەگریٚ تا پاكتاوكردنی یاسایی تەواو دەبیٚ.

**ماددەی هـەژدە :**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.moikurdistan.com

بڕیارەكانی دادگای بیدائـە لـەو حاڵەتانـەدا كـە دەقـەكانیان لـە مـاددەی (١٦،١٧)ی ئـەم یاسـایەدا هاتووە یا ڕای ئەوەیە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا كە لە ڕۆژی دواتری تەبلیغەكەوە دەست پیٚ دەكـا ، لەبـەر دەم دادگای تەمییزی هەرێمدا تانەی لیٚ بدریٚ.

## " حوكمـه گشـتييه‌كـان "

**ماده‌ى نـۆزده :**

١. رێكخراوه كوردستانى عيراقييه ناحكومييه‌كان كه ئێستا به‌رقـه‌رارن ، ده‌بـێ لـه مـاوه‌ى شـه‌ش مانگدا كه له رۆژى به‌كارخستنى ئه‌م ياسايه‌وه ده‌ست پـێ ده‌كـا هـه‌موو بـارودۆخێكى خۆيـان بـه جۆرێ بهێننه ژێربار كه له گه‌ڵ حوكمه‌كانى ئه‌م ياسايه‌دا بگونجێ.

٢. ئـه‌م رێكخراوانـه‌ش كـه حـوكمى برگـه (١)ى ئـه‌م مادده‌يـه نه‌هێننـه‌جێ ، بـه پێـى ياسـاى به‌هه‌ڵوه‌شاوه له قه‌ڵه‌م ده‌درێن.

**ماده‌ى بيسـت :**

هه‌ر رێكخراوێ به پێچه‌وانه‌ى ئيلتيزامات و پێكهاتنێ كه له ناو هه‌رێم يا له ده‌ره‌وه‌ى هه‌رێم به‌سـتبێتى پرۆژه‌كان جێبه‌جێ بكات ، ئه‌وه ، له‌و باره‌دا وه‌زير بۆى هه‌يه به پێى حوكمه‌كانى ئه‌م ياسايه و ياسا كارپێكراوه‌كانى ديكه ئه‌و رێكخراوه بداته دادگا.

**ماده‌ى بيسـت و يـه‌ك :**

رێكخراو بۆى هه‌يه ، دواى ره‌زامه‌نديى وه‌زير لق له پارێزگاكانى هه‌رێم يان ده‌ره‌وه‌يدا بكاته‌وه .

**ماده‌ى بيسـت و دوو :**

كاروبارى رێكخراوه مرۆييه غـه‌يره حكوميـه بيانيـه‌كانى نـاو هـه‌رێم ، بـه پێرۆيـه‌ك كـه سـه‌رۆكايه‌تيى ئه‌نجومه‌نى وه‌زيران بۆيانى داده‌نێ رێك ده‌خرێ.

**ماده‌ى بيسـت و سـێ :**

هه‌ر ده‌قێ پێچه‌وانه‌ى حوكمه‌كانى ئه‌م ياسايه بێت ناخرێته به‌ركار.

**ماده‌ى بيست و چـوار :**

وه‌زيرى ناوخۆ بۆى هه‌يه رێنمايى پێويست بـۆ سـاناكردنى جێبـه‌جێ كردنـى حوكمـه‌كانى ئـه‌م ياسـايه ده‌ربهێنێ.

**ماده‌ى بيست و پێنـج :**

پێويسته ئه‌نجومه‌نى وه‌زيران حوكمه‌كانى ئه‌م ياسايه بخه‌نه به‌ركار.

**ماده‌ى بيست و شـه‌ش :**

ئه‌م ياسايه له رۆژى بڵاوكردنه‌وه‌ى له (وه‌قايعى كوردستان)دا ده‌خرێته به‌ركار.

ئـــــه‌رشيفى رۆژنامه‌ى وه‌قايعى كـــــــوردستان

**د. رۆژ نـورى شـاوه‌يس**
**سـه‌رۆكى ئه‌نجـومـه‌نى نيشتمانيى كوردسـتانى عێـراق**

www.mojkurdistan.com

## هـۆكـاره زەروورەكـان

لەبەرژەوەنـدی گەلەكەمانـە ، بـە تايبـەتیش لـەم قۆنـاغی ئەزموونـە ديموكراتيەمانـدا و مـافی رەوای خۆشێتی کـە رێكخـراو گـەلی لـە بـواری بەهاناچـوون و ئاوەدانكـاری و فراژوكاريـدا ببیٚـو ، لـە پێنـاوی رەخساندنی دەرفەتیش بۆ رێكخراوە كوردستانيەكان كە بتـوانن لـە رێگـای پێـشكەشكردنی خزمـەت و پـرۆژەو ياريـدەدانی بنيـادی ئـابووریی نيـشتمانیيەوە هاوبەشـی لـەو بوارانـەدا بكـەن و سـوودیش لـە شارەزايیو وزەو توانای هەموو چین و توێژێكی كۆمەڵگاكەمان وەربگیرێ ، لەبـەر ئەوانـە ، هـەمووی ، ئەم ياساكارييە ئەنجام درا.

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار : ١١**
**رۆژی بڕیـــار: ٢٠٠١/١٠/٢٥**

**" بـڕيـــار "**

پشت به حوکمەکانی برگە(١)ی ماددەی (٥٦) له یاسای ژماره (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لـه دانیشتنی رۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٥یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی‌دا:_

**یەکـەم :** بڕیاری ژماره (١٧)ی ساڵی (١٩٩٩)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق ، لـه رۆژی تەواو بوونی کارپێ کردنییەوه واتا له (٢٠٠١/١٠/٤) ــەوه بۆ ماوەی دوو ساڵی تر درێژدەکرێتەوە.

**دووەم :** پێوسته لەسەر وەزیری ناوخۆ حوکمەکانی ئەم بڕیاره بخاته بەرکار.

**ســێیەم :** ئـەم بڕیـاره لـه رۆژی ئیقـرار کردنییـەوه دەخرێتـه بـەرکارو لـه (وەقـایعی کوردسـتان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئه نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصـدار : ١٥**
**تأريخ الأصـدار : ٢٠٠١/١٠/٢٤**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (٩) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١٠/٢٣ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الأتي:

## قانــون رقـم (١٥) لسـنة ٢٠٠١
## قانــون المنظمـات الكـوردسـتانية غيـرالحكـوميــة
## فـي اقليـم كـوردســتان العـــراق

**المادة الأولـى :**

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون :

١. الأقليم : اقليم كوردستان العراق.
٢. الوزارة : وزارة الداخلية.
٣. الوزير : وزير الداخلية.
٤. المنظمة : اية منظمة كوردستانية غير حكومية للاغاثة و الأعمار و النشاطات الأنسانية ذات النفع العام.

### الفصـل الأول
### التأسيـس

**المادة الثانيـة :**

١. المنظمة هيئة غير حكومية مستقلة مكونة من عدة اشخاص طبيعية وتنشأ لتحقيق اهدافها في مجالات الأغاثة و الأعمار و النشاطات الأنسانية في الأقليم.
٢. تتمتع بالشخصية المعنوية ولها حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة لتحقيق اغراضها المنصوص عليها في هذا القانون.
٣. يجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الأنسانية خارج الأقليم بعد حصول موافقة الوزير.
٤. لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.

**المادة الثالثـة :**

يمثل المنظمة امام المحاكم و الجهات الرسمية و غير الرسمية رئيسها او من يخوله.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الرابعـة :**

يشترط لتأسيس المنظمة ما يلي:

١. تقديم طلب الى الوزير موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن خمسة اعضاء متمتعين بالأهلية القانونية على ان يرفق به نظامها الداخلي مشتملاً على البيانات التالية:
   أ. اسم المنظمة و الغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الأقليم.
   ب. اسم كل عضو من الأعضاء و لقبه و جنسيته و عمره و مهنته ومحل اقامته و مؤهلاته العلمية.

ج. الموارد المالية للمنظمة و مصادرها.
د. الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها و طرق اختيارها و انتهائها.
٢. ان يكون غرضها واضحاً و معلناً و ان لا يتعارض مع النظام العام.
٣. على المنظمة تحقيق اغراضها بالوسائل المشروعة وفق احكام القوانين المرعية في الأقليم و ان لا تتعارض مع متطلبات نظام الحكم الفدرالي.
٤. ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الأديان او المذاهب المختلفة.

**المادة الخامسة :**

١. على الوزير البت في الطلب مدة ستين يوماً من تأريخ تسجيله لدى الوزارة وفي حالة عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية اعادته الى المؤسسين لأكمال النواقص، عندئذ يبدأ سريان مدة البت أعتباراً من تأريخ تسليم الطلب مجدداً.
٢. اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان فللاعضاء المؤسسين تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الأقليم خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتاً.
٣. في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة (١) يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

**المادة السادسة :**

تحدد في النظام الداخلي للمنظمة الأحكام المتعلقة بتنظيم شؤونها الأدارية و المالية و الفنية و كيفية اختيار منتسبيها و قبول اعضائها.

**المادة السابعة :**

على المنظمة مسك السجلات التالية على ان تكون مصدقة لدى دائرة الكاتب العدل.
١. سجل الأعضاء و (المنتسبين).
٢. سجل القرارات و محاضر الجلسات.
٣. سجل المشاريع.
٤. سجل الحسابات.
٥. سجل الأموال و الأثاث.

## الفصل الثاني
## الأهداف و الوسائل

**المادة الثامنة :**

تهدف المنظمة الى تحقيق ما يلي :
١. المساهمة و التعاون في مجال الأغاثة و الأعمار و النشاطات الأنسانية في الأقليم و خارجه بالتنسيق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الأنسانية و التعاون و الوزارات المعنية الأخرى.
٢. التعاون مع المنظمات الأجنبية العاملة في الأقليم في مجال الأغاثة و الأعمار و النشاطات الأنسانية.

ئــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان

**المادة التاسعة :**

تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية :

www.mojkurdistan.com

١. الموارد المالية المتاحة لها.
٢. التعاقد و الدخول في المناقصات و المزايدات لتنفيذ مشاريع اعمار كوردستان.
٣. الأتصال باللاجئين و المغتربين من ابناء كوردستان و المقيمين في الخارج و تشجيعهم لأستثمار رؤوس اموالهم في مشاريع الأغاثة و الأعمار و التنمية في الأقليم.

٤. الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية و دولية لدراسة تطوير و تقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها.
٥. لحكومة الأقليم بناءاً لمقتضيات المصلحة العامة ان تساهم مع المنظمة لتنفيذ المشاريع التنموية في الأقليم.

## الفصل الثالث
## مالية المنظمة

**المادة العاشرة :**

تتولى المنظمة ادارة اموالها من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها و تنفيذها وفق النظام المحاسبي المعتمد لدى الدوائر الرسمية و تخضع حساباتها لتدقيق الرقابة المالية في الأقليم.

**المادة الحادية عشرة :**

تتكون مالية المنظمة من :

١. ما يساهم به الأعضاء.
٢. المنح و الهبات و الهدايا و التبرعات و الأكتتابات و الوقف و الوصية من الأفراد و الجهات الأخرى.
٣. الأيرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها و استثمار اموالها.

**المادة الثانية عشرة :**

للمنظمة التعاقد مع المنظمات الأجنبية او قبول المساعدات او التبرعات المادية او العينية من الخارج واعلام وزارتي الداخلية و المساعدات الأنسانية و التعاون بذلك.

**المادة الثالثة عشرة :**

على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة الى الجهات المختصة.

١. التقرير المالي السنوي متضمناً الواردات و النفقات.
٢. تقرير سنوي مفصل عن خدماتها و مشاريعها في مجال الأغاثة و الأعمار و النشاطات الأنسانية و الجهات المستفيدة منها.
٣. تقرير مبين فيه خططها و برا
٤. مجها للسنة المالية الجديدة في مجال الأغاثة و الأعمار و التنمية في الأقليم.

**المادة الرابعة عشرة :**

١. تعفى المنظمة من رسوم التأسيس و رسوم تصديق سجلاتها.
٢. لرئاسة مجلس الوزراء أو من تخوله اعفاء المنظمة من الضرائب و الرسوم الكمركية المستحقة لتحقيق اهدافها وفق ضوابط تصدرها.

**المادة الخامسة عشرة :**

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة او دمجها في منظمة أخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها ، و يكون قرار الوزير بالرفض قابلاً للطعن لدى محكمة تمييز الأقليم خلال (١٥) يوماً من تأريخ صدوره.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان

**المادة السادسة عشرة :**

www.moikurdistan.com

يجوز حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة بعد اكتسابه درجة البتات بناءاً على طلب يقدم من قبل الوزير او من يخوله وذلك في الحالات التالية :

١. اذا مضى على تأسيس المنظمة سنة واحدة ولم تباشر اعمالها المنصوص عليها في نظامها ، ما لم يكن التوقف لأسباب قاهرة.

٢. اذا خالفت في نشاطاتها الأهداف التي نشأت من اجلها.

٣. اذا اصبحت المنظمة عاجزة عن الوفاء بتعهداتها و التزاماتها المالية و القانونية.

**المادة السابعة عشرة :**

اذا حلت المنظمة عين لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيأتها ان كان الحل اختيارياً او محكمة بداءة موقع المنظمة ان كان الحل قضائياً وتقوم المحكمة المذكورة بإجراءات وضع اليد فوراً ريثما تجري التصفية القانونية.

**المادة الثامنة عشرة :**

تكون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين (١٦و١٧) من هذا القانون قابلة للطعن فيها لدى محكمة تمييز الأقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتأريخ التبلغ بها.

## احكـام عامـة

**المادة التاسعة عشرة :**

١. على المنظمات الكوردستانية العراقية غير الحكومية القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم و احكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تأريخ نفاذه.

٢. تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة (١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

**المادة العشرون :**

للوزير مقاضاة المنظمة وفق احكام هذا القانون و القوانين النافذة الأخرى اذا نفذت مشاريعها خلافاً لألتزاماتها و اتفاقاتها المبرمة في داخل و خارج الأقليم.

**المادة الحادية و العشرون :**

للمنظمة فتح فروع لها في محافظات الأقليم او خارجه بعد موافقة الوزير.

**المادة الثانية و العشرون :**

يتم تنظيم شؤون المنظمات الأنسانية غير الحكومية الأجنبية المتواجدة في الأقليم بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**المادة الثالثة و العشرون :**

لا يعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**المادة الرابعة و العشرون :**

لوزير الداخلية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الخامسة و العشرون :**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة السادسة و العشرون :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان

**د. رۆژنـوري شـاويـس**
**رئيـس المجـلـس الـوطني لكوردسـتان العـراق**

www.moj.kurdistan.com

## الأسباب الموجبة

لمقتضيات مصلحة شعبنا و حقوقه المشروعة في ان تكون له منظمات في مجال الأغاثة و الأعمار و خاصة المرحلة التي تمر بها تجربتنا الديمقراطية و بغية افساح المجال للمنظمات الكوردستانية للمساهمة من خلال تقديم خدمات و مشاريع و مساعدات لبناء الأقتصاد الوطني و للاستفادة من خبرات و طاقات كافة شرائح المجتمع و بناءاً على ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القـرار : ١١**
**تأريخ القـرار : ٢٠٠١/١٠/٢٥**

**" قـرار "**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءاً على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١٠/٢٥ أصدار القرار الأتي:

**أولاً :** يمدد العمل بقرار المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق المرقم (١٧) لسنة ١٩٩٩ لمدة سنتين أعتباراً من تأريخ أنتهاء نفاذه في ٢٠٠١/١/٤.

**ثانياً :** على وزير الداخلية تنفيذ أحكام هذا القرار.

**ثالثاً :** ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ إقراره و ينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رۆژ نـوري شـاويـس**
**رئيـس الـمجـلس الـوطني لكوردسـتان العـراق**

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com